# سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین

**ناوی (سەلاحەدین محەممەد[1] بەهائەدین[2])ە، لە بنەماڵەی (مەلایانی دزاوەر)ە لە عەشیرەتی لهۆنی هەورامان، ساڵی ١٩٥٠ لە شارۆچکەی تەوێڵەی ناوچەی هەورامان لەدایکبووە.**

**خوێندنی سەرەتایی لە ناحییەی خوڕماڵ تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی لە سلێمانی خوێندووە، ساڵی ١٩٦٦ چووەتە خانەی مامۆستایان و ساڵی ١٩٦٩ تەواوی کردووە.**

**ساڵی ١٩٧١ لە دێی (هانەی قوڵ) لە خوڕماڵ وەك مامۆستا دامەزراوە. ساڵی ١٩٧١ –١٩٨٠ لە پاڵ ئەرکی وانەوتنەوەکەیدا لە دەرس و دانیشتنە زانستییەکانی (مامۆستا مەلا محەممەد)ی باوکیدا بەهرەمەند بووە.**

**ساڵی ١٩٨١ چووەتە ڕۆژهەلاتی کوردستان و تا ساڵی ١٩٩١ لە شار و لادێکاندا خەریکی کاری بانگەواز و تەدریس بووە[3].**

**ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیارو بانگخوازدا حیزبی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان)یان دامەزراندووەو لە یەکەم کۆنگرەدا بە ئەمینداری گشتی حیزب دیاری کراوە و لە کۆتا کۆنگرەشدا لە ساڵی ٢٠١٩ وەك ئەمینداری گشتی هەڵبژێردراوەتەوە.**

**ساڵی ١٩٧٨ ئەندامی دامەزرێنەری دەستەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان بووە[4].**

---

[1]مەلا موحەمەد: ناوی (محەمەد بەهائەدین محەمەد)ە، ساڵی ١٩٠٧ لە شارۆچکەی بیارەی ناوچەی هەورامان لەدایکبووە، لە خزمەت مەلا بەهای باوکیدا لە بیارە دەستی بە خوێندن کردووەو بۆ خوێندنی فەقێیەتی چووەتە گوندەکانی فەقێ جنە و بیاوێڵ و عەبابەیلێ و شاری سلێمانی، سەرئەنجام لە عەبابەیلێ لە خزمەت مامۆستا شێخ بابا ڕەسوڵدا خوێندن تەواودەکات و دەگەڕێتەوە بۆ خانەقای بیارەو بە حزوری جەنابی (شێخ عەلائەدین و مامۆستا بابا ڕەسوڵ و مامۆستا مەلا بەهائەدین و مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس)دا ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە، لە خانەقای بیارە دەستی بە تەدریس کردووەو لە چەندین گوندو ناوچەکانی هەورامان ئیمام و وتاربیژ و تەدریسی فەقێیەتی کردووە، بە (مامۆستای گەورەی خوڕماڵ) بەناوبانگ بووە، ساڵی ١٩٨٤ بە نەخۆشی وەفاتی کردووەو لە گۆڕستانی گولان لە هەڵەبجەی شەهید بەخاك سپێردراوە.

[2]مەلا بەهائەدین: ناوی (بەهائەدین محەمەد صادق)ە، ساڵی ١٨٧١–١٩٤٩ ژیاوە، بە (مەلا بەها)ی ئیمام بەناوبانگ بووە، زیاتر لە ٥٠ ساڵ ئیمامی خانەقای بیارەو سەر حەڵقەی زیکرو خەلیفەی شێخەکانی بیارە بووە.

[3]مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین دەڵێت: (کاکم برا گەورەکەم–مامۆستا عەلی– و مامۆستا عومەر ڕیشاوی و مامۆستا جەعفەر و مامۆستا شێخ عەزیز پارەزانی لە مامۆستا دیارەکانم بوون بۆ دەستکردنم بە دەعوە و ساڵی ١٩٦٨ چووم ڕێکخستنی برایانەوە، لە ساڵی (١٩٧٨)ەوە چالاکی بانگخوازیمان گەرم و گوڕ بوو لە نێوانماندا، لەو برایانەش مامۆستا حەسەن شەمێرانی و مامۆستا عەلی زەمەقی و مامۆستا بورهان ئەمینی و دوای ساڵی ١٩٨٨ چەند مامۆستایەکی تر بوونە پشتگیرێك بۆ بەرەو پێشچونی بانگەواز وەك مامۆستا عومەر ڕیشاوی و مامۆستا جەعفەر مستەفا و مامۆستا محەمەد فەرەج و مامۆستا هادی عەلی و چەند برایەکی تریش.

[4]مامۆستا سەلاحەدین بەهادین دەڵێت: تا زیاتر ئاگاداری یەکتر بین و لە پێناو بانگەوازدا ساڵی ١٩٧٨ ئەم دەستەیەمان درووستکرد، تەبعەن کار و چالاکیەکان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان بەشێکی بە نهێنی بوو، کۆمەڵێك بوین لە وانیش مامۆستا جوتیار و مامۆستا حەبیب و مامۆستا موحسین جوامێرو مامۆستا حەسەن پێنجوێنی و مامۆستا هادی... و ئەوانە بوون

ساڵی (١٩٨٨) لە شاری ئەستەمبوڵ وەك ئەندامی دامەزرێنەر بەشداری کۆنگرەی دامەزراندنی رابیتەی ئیسلامیی کورد بووە.

لە کۆنگرەی لەندەن و صەلاحەدینی ئۆپۆزسیۆن تایبەت بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەشدار بووە. ساڵی (٢٠٠٣) بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی حوکمی عیراق، وەك یەکێك لە پێنج سەرکردەی کورد.

بەشداریی چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و جیهانی کردووە بۆ تاوتوێکردن و گفتوگۆکردنی بابەتە سیاسی و فیکریەکان و چەندان نووسین و بابەتی پەروەردەیی و فیکریی لە ڕووپەڕەی بەشێك لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

بەشداری چەندین کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆڕو سیمینارو کۆڕبەندی جیهانییو ئیقلیمیو نێونەتەوەیی و ئاینیی کردووە و دەیان خەڵات و ڕێزلێنان و سوپاسنامەی وەرگرتووە لە پای خزمەتە جۆراو جۆرە سیاسی و پەروەردەیی و فیکرییەکانی.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

١. **لەسەر زمانی گیانداران–چیرۆکێکی ئەندێشەیی کۆمەڵایەتییە–**[٥].
٢. **قورئانی پیرۆز چۆن بخوێنینەوە ...؟**[٦].
٣. **لە سەرەڕێی کاروانی باوەڕدا**[٧].
٤. **٣٠ نصيحة لإخواني المتزوجين و ٤٠ نصيحة لأخواتي المتزوجات**[٨].
٥. **رسالة إلى إخواتي الشباب و أخواتي الشابات**-الطريق الأمثل للوصول إلى زواج ناجح-[٩].
٦. **محطات سياسية**[١٠].
٧. **گەشتێك لەگەڵ مەولانای ڕۆمیدا**[١١].
٨. **سەعید نورسی**–ڕابەری ڕزگاریی ئیمان و قارەمانی مەیدانی و زیندان–[١٢].

---

تەقریبەن. دواتر کە چوینە ئێران کۆمەڵەیەکمان دروست کرد بەناوی (ئەنصار) هەرچەندە ئیجازەیان نەداینێ، بەڵام لەژێر ئەو ناوەدا چالاکییە بانگەوازییەکانی خۆمان پەرە پێدەدا.

[٥] چاپی یەکەم: ٥٣ لاپەڕە، ڕاپەڕین، سلێمانی/عێراق ١٩٧٠.
[٦] چاپی یەکەم: ٦٤ لاپەڕە، کامەرانی، سلێمانی/عێراق ١٩٧٦.
[٧] چاپی یەکەم: ١٦٠ لاپەڕە، بەیروت/لوبنان ١٩٨١.
[٨] چاپی یەکەم: ٤٤ لاپەڕە، دار البيارق، بەیروت/لوبنان ١٩٩٦.
[٩] چاپی یەکەم: ٤٨ لاپەڕە، دار البيارق، بەیروت/لوبنان ١٩٩٧.
[١٠] چاپی یەکەم: ٢٥٠ لاپەڕە، ئارا، سلێمانی/عێراق ٢٠٠٩.
[١١] چاپی یەکەم: ٢٥٦ لاپەڕە، گەنج، سلێمانی/عێراق ٢٠١٦.
[١٢] چاپی یەکەم: ١٧٨ لاپەڕە، گەنج، سلێمانی/عێراق ٢٠١٦.

٩. **کاك ئەحمەدی موفتی زادە**–زانا و سەرکردە و عاریفی مەزن–[١٣].
١٠. **مامۆستای گەورەی خورماڵ** "مەلا موحەمەدی مەلا بەهای بیارە ١٩٠٧–١٩٨٤"[١٤].
١١. **کەشکۆڵ** –بیر و دید و سەرنج–[١٥].
١٢. **بێ زمانان دێنە زمان**–ژیانی پێغەمبەری مەزن–صلی الله علیه وسلم– لە (٣٠) چیرۆکدا[١٦].
١٣. **پەروەردەی خێزانیی**[١٧].
١٤. **دیدار و گفتوگۆ**. (ئامادەکردن: نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەمینداری گشتی یەکگرتوویی ئیسلامی کوردستان)[١٨].
١٥. **مقابلات و حوارات** –مع صلاحدین محمد بهاءالدین–.(ئامادەکردن: د.عەبدوللەتیف یاسین)[١٩].
١٦. **پەیامەکان**[٢٠].
١٧. **رسائل توجیهیة**[٢١].

## بەرهەمە چاپنەکراوەکانی:

- **یاداوەریەکانی**.
- **ئیمام حەسەن بەننا –شۆڕەسوارانی مەیدانی ئیمان و عیرفان *٤*–**.
- **چەند زنجیرەیەك لە چیرۆکە قورئانییەکان**.

## سەرچاوە:

**چاوپێکەوتن لەگەڵ ناسێنراو "مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین" لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی ماردین لە پارێزگای سلێمانی، ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٩ کاتژمێر سێی عەسر.**

**ئامادەکردن: احسان ابراهیم بەڵخەیی**

---

[١٣] چاپی یەکەم: ٢٢٨ لاپەڕە، گەنج، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.
[١٤] چاپی یەکەم: ١٥٨ لاپەڕە، گەنج، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.
[١٥] چاپی یەکەم: ٣١٢ لاپەڕە، گەنج، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.
[١٦] چاپی سێیەم: ٣٨٢ لاپەڕە، گەنج، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.
[١٧] چاپی یەکەم: ٢٢٨ لاپەڕە، گەنج، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.
[١٨] چاپی یەکەم: ١٣٢ لاپەڕە، گەنج، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.
[١٩] چاپی یەکەم: ١٦٢ لاپەڕە، AtoZ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.
[٢٠] چاپی یەکەم: سێ بەرگ، ١٣٩٠ لاپەڕە، گەنج، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.
[٢١] چاپی یەکەم: ١٩٣ لاپەڕە، AtoZ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٨.